گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(#) – ژمارە(#)، ###٢٠٢٠
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

# وێنەی داشۆراو لە شیعرە داشۆرینەکانی (سالم)دا

**پ.ی.د.جبار احمد حسین**
بەشی کوردی، کۆلێژی زمان ، زانکۆی سەلاحەدین – هەولێر، هەرێمی کوردستان، عێراق
Jabbar.hussein@su.edu.krd

**زانیاریەکانی توێژینەوە**

**بەرواری توێژینەوە:**
وەرگرتن:٢٠٢٦/٨/١
پەسەندکردن:٢٠٢٦/٩/٢
بڵاو کردنەوە:پایز ٢٠٢٦

**وشە سەرەکییەکان**
سالم، داشۆرین، جنێو، داشۆراو،وێنەی سێکسی

**Doi:**
10.25212/lfu.qzj.11.4.34

**پوختە**

شاعیر لە شیعری داشۆریندا کەموکورتی و ناشرینی و خاڵە لاوازەکانی ئامانجەکەی پیشان دەدات، مەبەستیش لە داشۆراو ئەو ئامانجەیە، کە دەشێت کەسێک یان کۆمەڵە کەسێک یان هۆزێک یان میللەتیک بن، مەرجیش نییە ئامانجەکە تەنیا مرۆڤ بێت، هەندێک جار زیندەوەران و بێگیانیش دەبنە ئامانجی شاعیر. لە شیعرە داشۆرینەکانی (سالم)دا تەنیا مرۆڤ نەبووەتە ئامانج، بەڵکو ئاژەڵیشی کردووەتە ئامانجی هێرشەکانی.

گرنگی و پێویستی ئەنجامدانی ئەم توێژینەوەیە ئەوەیە، هیچ توێژینەوەیەکی تایبەت لەسەر شیعرە داشۆرینەکانی (سالم) نەکراوە، لەم توێژینەوەیەدا هەوڵدراوە ئامانجە داشۆراوەکان و سیماکانی وێنەی ئامانجە داشۆراوەکانی ناو شیعرەکان دیاری بکرێن.

ئامانجی توێژینەوەکە ئەوەیە، سیماکانی وێنەی داشۆراوەکانی ناو شیعرەکان جیابکاتەوە، بە وردی تایبەتمەندییە جەستەیی و ژیری و ڕەوشتییەکانی داشۆراوەکان لە شیعرەکاندا دەستنیشان بکات.

لەم توێژینەوەیەدا لە شیکردنەوەی وردی شیعرەکاندا میتۆدی شیکاری بەکارهێنراوە، لە ڕووی میتۆدی ڕەخنەییشەوە دەچێتە خانەی میتۆدی ڕەخنەی هونەرییەوە.

گرنگترین ئەنجامی توێژینەوەکە، ئەوەیە لە شیکردنەوەی وردی وێنەکانەوە ئەوە خراوەتە ڕوو، کە (سالم) جگە لە مرۆڤ ئاژەڵیشی کردووەتە ئامانجی داشۆرینەکانی، زیاتریش لایەنی جەستەیی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(#) – ژمارە(#)، ###٢٠٢٠
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

داشۆراوەکانی خستۆتە ڕوو، لەم لایەنەشدا بابەتی سێکس ڕووبەڕێکی فراوانی داگیرکردووە.

## 1. پێشەکی :

**١-١: ناونیشانی توێژینەوەکە** : ( وێنەی داشۆراو لە شیعرە داشۆرینەکانی (سالم)دا)، بە وردی لە وێنەی جەستەیی و ژیریی ئامانجە داشۆراوەکانی ناو شیعرە داشۆرینەکانی سالم دەکۆڵێتەوە و بەپێی تایبەتمەندییەکانیان پۆلینیان دەکات.

**١-٢: گرفتی توێژینەوەکە** : شیکردنەوەی وردی شیعری داشۆرین، لایەنە شاراوەکانی دەروون و کەسایەتیی شاعیرەکە و کۆمەڵەکەی بەدەردەخات، لەبەرئەوە توێژینەوە لە شیعری داشۆرین لە ئەدەبی کوردیدا پێویست و گرنگە، کە لەبەر نەریت و قەدەغەی کۆمەڵایەتی زۆر بە کەمی توێژەران دەستی بۆ دەبەن؛ جگەلەوەیش شیعرە داشۆرینەکانی (سالم) هیچ توێژینەوەیەکیان لەبارەوە نەکراوە. بۆ پڕکردنەوەی ئەو کەلێنە زانستییە، ئەم توێژینەوەیە هەوڵێکە لەم بوارەدا دراوە.

**١-٣: ئامانجی توێژینەوەکە** : ئامانجی ئەم توێژینەوەیە ئەوەیە، تایبەتمەندییە جەستەیی و ژیری و ڕەوشتییەکانی داشۆراوەکان لە شیعرەکاندا دەستنیشان بکات.

**١-٤: پرسیاری توێژینەوە:** ئایا (سالم) کێ و چی کردووەتە ئامانجی داشۆرینەکانی؟ زیاتر چ لایەنێکی داشۆراوەکەی خستۆتە ڕوو: ڕووخساری یان ژیری؟ ئایا ئەم وێنەکێشانەی داشۆراوەکان پەیوەندی بە ڕوانینی (سالم) ەوە هەیە؟

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(#) – ژمارە(#)، ####٢٠٢٠
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

**١-٥: گرنگی توێژینەوەکە:** لەم توێژینەوەیەدا سیماکانی وێنەی داشۆراوەکانی ناو هەموو شیعرە داشۆرینەکانی (سالم) دەستنیشانکراون، کە پێستر هیچ تویژینەوەیەکی تایبەت لەسەر شیعرە داشۆرینەکانی سالم نەکراوە.

**١-٦: میتۆدی توێژینەوەکە:** لەم توێژینەوەیەدا لە شیکردنەوەی وردی شیعرەکاندا میتۆدی شیکاری بەکارهێنراوە، لە ڕووی میتۆدی ڕەخنەییشەوە دەچێتە خانەی میتۆدی دەقی و تەواوکارییەوە.

**١-٧: کەرەستە و سنووری توێژینەوەکە:** هەموو شیعرە کوردییەکانی ناو چاپی (٢٠١٥)ی دیوانی شاعیر دەگرێتەوە.

**١-٨ : پێکهاتەی توێژینەوەکە:** توێژینەوەکە جگەلە سەرەتایەکی کورتی تیۆری لەسەر چەمکی داشۆرین و داشۆراو، لە سێ تەوەر پێك دێت : لە تەوەری یەکەمدا وێنەی کەسە داشۆراوەکان لە هەردوو ڕووی جەستەیی و ڕەوشتی و ژیرییەوە باسکراون. لە تەوەری دووەمدا وێنەی (ئەسپ) وەک ئامانجێکی داشۆراو لە ڕووی جەستەیی و خوو و سروشتەوە لەناو شیعرەکاندا پیشان دراوە. لە تەوەری سێیەمیشدا وێنەی سێکسیی داشۆراوەکان (مرۆڤ و ئاژەڵ)، هەریەکەیان بە جیا شیکراونەتەوە. لە کۆتایی توێژینەوەکەشدا گرنگترین ئەنجامەکانی توێژینەوەکە لە چەند خاڵێکدا کورتکراونەتەوە .

**١-٩: پێشینەی توێژینەوە:** جگە لە ئاماژەی سەرپێی، توێژینەوەی تایبەت لەسەر شیعرە داشۆرینەکانی سالم نەکراوە؛ ئەمەش هۆکاری هەڵبژاردنی ئەم توێژینەوەیەیە.

## 2. چەمکی داشۆرین و داشۆراو:

داشۆرین ئەگەر لە چوارچێوە گشتییەکەیدا وەک جنێودان و هێرشی زمانی لێی بڕوانین، لە ڕوانگەی دەروونناسی ڕەفتارییەوە، کاردانەوەیەکە بە شێوەی هەڵچوون، کە سۆزە زیادەکانی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(#) – ژمارە(#)، ###٢٠٢٠
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ناوەوە بەتاڵ دەکاتەوە، ( ئەزموونە تاقیگەییەکان سەلماندوویانە، کە دووبارەکردنەوەی وشەی نەشیاو و جنێو، وەک ئازارشکێنی سروشتی کاردەکات) (Stephens et al., 2009, 1056).

ئەو کەسانەی زۆر هەڵدەچن و پەنا بۆ بەکارهێنانی ئەم شێوازە زمانە دەبەن، کەسانی ڕاستگۆن، ئەنجامی توێژینەوەکانیش دەریانخستووە، کە (بەکارهێنانی جنێو پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆی بە ڕاستگۆیی و ڕاشکاویی تاکەکانەوە هەیە) (Feldman et al., 2017, pp. 816).

هەڵچوونەکانی مرۆڤ، کە سەرچاوەی بەکارهێنانی شێوازی زمانی زبر و نەشیاوە، تەنیا هۆکاری دەروونی نییە، توێژەرانی بواری دەروونناسی(Jay & Janschewitz) سێ هۆکاریان دەستنیشان کردووە، کە هەر سێکیان بە تێپەڕبوونی کات پەرەدەسێنن: (هۆکارەکانی دەماری مێشک، هۆکارە دەروونییەکان، هۆکارە کلتوورییە کۆمەڵایەتییەکان) (2008, p. 270-272)، واتە جەستەیی و دەروونی و کۆمەڵایەتی، کە هەر سێکیان تەواوکەری یەکترین.

بەکارهێنانی ئەم شێوازە زمانییە مەرج نییە تەنیا بە نیازی شەڕخوازی بێت، هەندێک جاریش بە پێچەوانەوە بۆ مەبەستی خۆشی و دۆستایەتی بەکاردەهێنرێت، لەم دۆخەدا (جنێودان کاریگەریی لەسەر پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان هەیە و بە مەبەستی گاڵتەکردن و دروستکردنی هاریکاری و بەهێزکردنی پەیوەندی نێوان نزیکەکان بەکاردەهێنرێت.) (Stapletone et al., 2022, p. 9)

لە بواری ئەدەب و شیعردا، (داشۆرین پێچەوانەی ستایشە، تا دژەکانی ستایش لە شیعردا زۆرتر بن، داشۆرینەکە توندتر دەبێت) (قدامة، ١٩٩٧، ١١٣)، لە ستایشدا باشی و جوانییەکان و خاڵە بەهێزەکانی کەسی ستایشکراو باس دەکرێن، بەڵام لە داشۆریندا خراپی و ناشرینی و خاڵە لاوازەکانی کەسی داشۆراو باس دەکرێن.

داشۆرین واتە دیاریکردن و زەقکردنەوەی خاڵی ناشرین و لاوازی ئامانجەکە، ئەو خاڵانە یان جەستەیین، کە بەشێکیان پەیوەندییان بە بابەتی سێکسەوە هەیە، یان ژیری و ڕەوشتی و ئاکاری و سروشتین، لە ئەنجامدا وێنەیەکی شێواو بۆ داشۆراوەکە درووست دەبێت. بە تێڕوانینی (ابوهلال العسكری) (داشۆرینی پەسەند ئەوەیە، کە تایبەتمەندییەکانی وەک: ڕەوشت نزمی و پیسکەیی و شەڕانگێزی، کەسە داشۆراوەکە دیاری بکرێن، نەوەک ئەو تایبەتمەندییانەی بە

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(#) – ژمارە(#)، ###٢٠٢٠
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

خواستی خۆی نین، وەک: ناشرینی دەموچاو و بچووکی قەبارە و لاوازی جەستە) (العسکری، ١٤١٩، 104)

داشۆرین تەنیا جنێودان و قسەی ناشرین نییە، (لە پاڵ ئەو ڕوخسارە ڕووخێنەرەی هەیەتی، هێزێکی بنیاتنەری هەیە) (حسین، ١٩٤٧، ١٩)، ئەوەی ئێمە لە ڕووکەشی شیعرەکەدا دەیخوێنینەوە، تەنیا پیشاندانی لایەنە ناشرینەکانی (کەسێک یان کۆمەڵێک)ە، بەڵام لە پشتەوەی وێنەیەکی نموونەیی هەیە، ئەگەر ئەمە نموونە ناشرینەکە بێت، کەواتە پێچەوانەکەی نموونە جوانەکەیە. (شوقی ضیف)یش لەم ڕووەوە پێی وایە داشۆرین (چاکسازی و پاککردنەوە و ڕاستکردنەوەی خوارییەکانی ناو کۆمەڵە، چ لە ئاستی تاک بێت یان کۆمەڵ) (ضیف، ١٩٧١، ٢٠)؛ بۆ نموونە ئەگەر ڕەوشتە خراپەکانی کەسێک، کە لە شیعرێکی داشۆریندا باسکراون، پێچەوانەیان بکەینەوە، وێنەی کەسێکی ڕەوشت بەرز درووست دەبێت؛ بەڵام ئەمە بۆ ئەو جۆرە داشۆرینەیە لایەنی ڕەوشتی دیاری کردبێت، نەک تەنیا نیشاندانی لایەنی جەستەیی بێت.

(ئەگەر لە مێژووی ژیانی شاعیرانی داشۆرین لە ئەدەبیاتی نەتەوە جیاوازەکاندا وردبینەوە، دەبینین کە ڕۆژگار سزای داون، لەبەرئەوە بە چاوی کینەوە سەیری هەموو شتێکیان کردووە، کەواتە داشۆرین بەرهەمی گرێی دەروونی و زۆرجاریش هەستکردن بووە بە کەمایەتی ) (حسین، ١٩٤٧، ٢٧). بەو پێیەی کە شیعر وەک هەر ژانرێکی تری ئەدەبی و هونەری ڕەنگدانەوەی باری دەروونیی خاوەنەکەیەتی؛ دەتوانین هۆکارەکانی نووسینی شیعری داشۆرین لای سالم، بگەڕێنینەوە بۆ : ١- هەستی نامۆیی ٢- کەبتی سێکسی- لیبدو (هەم لە چینێکی پاریزگار بووە، هەم ژنی نەهێناوە) ٣- هەستکردن بە کەمایەتی بە هۆی نەخۆشییەوە.

مەبەست لە داشۆراو ئەو ئامانجەیە، کە هێرشەکە کراوەتە سەری و لەنگی و ناشرینییە جەستەیی و ڕەوشتییەکانی باسکراوە؛ ئامانجی داشۆراو لە شیعری (سالم)دا، یان مرۆڤ بووە یان ئاژەڵ، کە لە تەوەرەکانی داهاتوودا وەریان دەگرین.

## ٣. تەوەری یەکەم: (کەسی داشۆراو)

شیعری داشۆرین جۆری زۆرە، وەک: کەسی و کۆمەڵایەتی و ئاینی و سیاسی، بەڵام شیعرە داشۆرینەکانی سالم هەموویان لە جۆری کەسین؛ (داشۆرینی کەسی کۆنترین جۆری شیعری

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(#) – ژمارە(#)، ###٢٠٢٠
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

داشۆرینە، تیایدا هێرش دەکرێتە سەر تاک، ئەم جۆرە شیعرە سەرنجی هاوچەرخەکانی ڕادەکێشێت و پێی سەرسامن، بەڵام بە تێپەڕبوونی کات بەشێکی گەورەی بەهاکەی لە دەست دەدات و زۆر کەم چێژی لێوەردەگرن.) (حسين، ١٩٤٧، ١٩)، لەم جۆرەدا شاعیر (شەرەف و ڕەچەڵەک و ڕواڵەتی جەستەیی و ڕەوشتیی کەسی داشۆراو باس دەکات) (الدهان،١٩٨٢، ١٠)، بەڵام لە شیعرە داشۆرینەکانی (سالم) بە هیچ شێوەیەک ئاماژە بە لایەنی شەرەف و ڕەچەڵەکی کەسی داشۆراو ناکات، تەنیا وێنەی ئەو کەسەی کێشاوە و چەند سیمایەکی جیاکەرەوەی ئەو کەسەی لە هەردوو ڕووی جەستەیی و ڕەوشتییەوە دەرخستتوە.

زانای دەروونناسی (گیلفۆرد) بەم شێوەیە پێناسەی سیفەتی کەسایەتی (Personality Trait) کردووە: (هەر لایەنێک بتوانرێت جیابکرێتەوە و تا ڕادەیەک بەردەوامییەکی هەبێت، لەسەر ئەو بنەمایە تاکێک لە تاکێکی تر جیابکرێتەوە) (عبدالخالق، ٢٠١٦، ٧٥). سالم لە بەشێکی زۆری شیعرەکاندا بە خستنەڕووی کەموکورتیی جەستەیی سووکایەتی بە دژەکەی کردووە، لە هەندێک شیعردا هەموو وێنەکان (یان زۆرینەیان) جەستەیین، بە ڕادەیەکی کەمتر سیفەتە ڕەوشتییەکانی دژەکەی پیشانداوە.

### ٣-١: سیفەتە جەستەییەکانی کەسەکان:

ئەو سیفەتە جەستەییانەی (سالم) لە شیعرەکاندا وەک خاڵی لاوازی ئامانجەکەی وێنەی کێشاون (جگە لەوانەی پەیوەندییان بە بابەتی سێکسەوە هەیە، کە لە خاڵێکی جیاوازدا باسیان دەکەین)، لە ئەندامەکانی جەستەدا بەدەردەکەون، کە ئەمانەن: (درێژیی باڵا، لەشی زل، لەشی خواروخێچ، ڕووخساری ناشرین، سەری زل، لووتی زل، گوێی پان، ورگی زل، سمت، لەشی زبر، ڕەوتی ناشرین، پیس و پۆخڵی و بۆنی ناخۆش، دەنگی ناساز- لە گەروو یان شوێنی تر، بێ هێز).
یەک یەک وێنەکانی ئەو سیفەتانە لە نموونە شیعرییەکاندا دەخەینە ڕوو:
- ***سیفەتی درێژی:*** لە دوو شیعردا (دیوان: ل ٩٦ و ل ٣٢٣) بە شێوەیەکی زێدەڕۆییانە وەسفی درێژی (میرزای سنەیی) کردووە، وەک (پیرەمێرد) ی شاعیر لە ڕۆژنامەی (ژین)ی ژمارە (٩٣١)ی (١٩٤٨/٨/١٩) دەڵێت: بە (شوتورمورغ) ناسراوە، لە وێنەکانیدا ئەم کەرەستانەی بۆ کێشانی وێنەی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(#) – ژمارە(#)، ###٢٠٢٠
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

درێژی میرزا بەکارهێناوە: (لەقلەق، ناقە، حوشتر، شوتورمورغ، شاوەتەن، سەقامووش، منارە، چنار)، کە هەموویان سیفەتی بەرزی و درێژی و قاچ وملی درێژیان هەیە.

- لە دێڕی دووەمی شیعرێکیاندا، لێکنەچوونێکی لە نێوان میرزا و (لەقلەق و حوشتر) درووستکردووە:

((ئەحمەقە لەقلەق، ئەگەر تەرکیبی نیسبەت دا بە ئەو

وشتر ئەر بێت و بڵێ: "وەک ئەو دەڕۆم"، بێ جا دەکا)) (دیوان: ٩٦)

واتە: لەقلەق گێل و نەفامە ئەگەر بڵێت: قاچم وەکو میرزا درێژە، وشتریش ناماقووڵی دەکات، ئەگەر بڵێت: من وەکو میرزا دەڕۆم.

- بەکارهێنانی ئەفسانە: (عووج) لە تەوراتدا وەک پاشایەک باسی لێوەکراوە و لە کەلەپووری میللی یەهوودیدا بووەتە کەسایەتییەکی ئەفسانەیی و بە سیفەتی درێژی ناسراوە، لە دێڕێکدا (سالم) بۆ وەسفی درێژی (میرزا) پەنای بۆ کەسایەتی ئەفسانەیی (عووج) بردووە و دەڵێت: (لە لاتان سەیر نەبێ ؛ کە دەڵێن (عووج) ئەوەندە درێژ بووە، ئێسکی قاچیان کردۆتە پردی ڕووباری نیل، چونکە میرزا ئێسکی دەستی بۆ پردی نیل دەشێت !) (دیوان: ٩٧). لە دێڕێکی شیعرێکی تریدا هەمان ئەفسانەی بەکارهێناوەتەوە، دەڵێت:

(( ئەهلی ئەم ئەییامە نیی، تەحقیق، بە قووچیی قامەتت

گەر بە تەرکیبت حیساب کەم، بابە عووج و تۆ یوسەر)) (دیوان: ٣٢٦)

واتە: تۆ مرۆڤی ئەم سەردەمە نیت و هی سەردەمە کۆنەکانیت، وەک دەڵێن زۆر درێژ بوون، ئەگەر ڕەچەڵەکت دیاری بکەم، تۆ کوڕی (عووجی کوڕی عەنەق) یت و ئەویش باوکتە.

- هونەری درکەی بۆ وێنەی درێژی باڵا بەکارهێناوە، (پۆپی چنار ناگاتە هێلکەی گونت)، مەبەستی لەوەیە زۆر درێژە:

(( ئیمتیحانت چۆن بکەم؟ گەز نابێ ئەندازەی قەدت!

سەر لە خایەت ناسوێ، پۆپەی چناری (ماسیدەر) )) (دیوان: ٣٢٥)

- زۆر لە وێنەکان زێدەڕۆییان تێدایە، وەک:

((ناکەوێتە سەر سەری سایەی هوما، تا وا نەبێ

لووتی پاپاخی لەگەڵ سەقفی فەلەک دەعوا دەکا)) (دیوان: ٩٧)

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(#) – ژمارە(#)، ###٢٠٢٠
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

واتە: ئەگەر ئەوەندە درێژ نەبووایە، کە سەری کڵاوەکەی دەگاتە بنمیچی فەلەک، ئەوەندەش بەختی باش نەدەبوو، کە باڵندەی هوما بە سەریدا بفڕێت، لێرەدا درێژی بەستۆتەوە بە بەختی باش.

لە دێڕێکی تریشدا هەم زێدەڕۆیی بەکارهێناوە و هەم (لاقەکردنی سێکسی) خستۆتە ناو وەسفەکەوە:

((خۆ لەبەر طوولی درێژی زۆر ضەرەرتە، گەر بنووی

دەست لە سمتت خەن لە بەغدا، لێرە نابی باخەبەر)) (دیوان: ٣٢٦)

واتە: ئەوەندەی مەودای نێوان سلێمانی و بەغدا باڵای درێژە، ئەگەر لە بەغدا دەست بۆ سمتی ببەن، لێرە پێی نازانێ.

- لە داشۆرینی (مەلا یان وەستا سمایلی سنەیی بەرگدروو) (دیوان: ١١٦)، لە دوو دێڕی سەرەتای شیعرەکەدا وەسفی درێژیی کردووە و چوواندوویەتی بە لەقلەق و حوشتر و بە منارە.

***-لەش (تەن):*** لە چەند وێنەیەکدا جەستەی کەسەکان وەسفکراوە، وەک:

- میرزای سنەیی جەستەی زلە وەکو فیل (دیوان: ٣٢٥)، لەشی زبرە وەکو ژیشک (دیوان: ٣٢٤)، (مەلا) هەموو ئەندامەکانی جەستەی خواروخێچە:

((وەک درەختی ڕەشەبا ڕیشەکەنیو

هەر لە سەر تا بە قەدەم، چەوتە مەلا )) (دیوان: ١١٦).

- ***بێ هێز***، میرزای سنەیی وەکو مێشوولە بێ هێزە ((پەششە قووەت)) (دیوان: ٣٢٥).

- ***ڕووخساری ناشرین(دەموچاو)***: (ئەمین ئەفەندی) دەموچاوی ئاوڵاوییە (موجەددەر ڕوخ) (دیوان: ٣٧٠)

- ***سەری زل***، سەری میرزای سنەیی جارێک بە سەری باڵندەیەک (سەرزەغەن) و جارێک بە سەری سابرێن و جارێکیش بە خەرەکی دەچووێنێت. (دیوان: ٣٢٤-٣٢٥)

- ***لووتی زل و پان***، میرزای سنەیی لووتی وەکو چەکوشە (دیوان: ٣٢٤)، (ئەمین ئەفەندی)ش لووتی وەکو گونبەدی مزگەوت پانە. (دیوان:٣٧٠)

-***گوێی پان***، میرزای سنەیی گوێی وەکو قەڵغان پانە. (دیوان: ٣٢٥)

- ***ورگی زل***، (مەلا) ورگی وەکو ئەو کوندەی ئاوەیە، کە پڕ کراوە لە کڵاوی بەڕوو. (دیوان: ١١٧)

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(#) – ژمارە(#)، ###٢٠٢٠
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

- ***سمت***، لە داشۆرینی (بەردهەڵکەن)، دەڵێت: هەر بە یارییەوە ئەوەندە شەقم لە هەردوو سمتی هەڵداوە، وەکو پێستی پشیلەی هۆشەک (جۆرە پشیلەیەکی کێوی پێست نەرم و بەنرخە) (هەژار، ١٣٨٤، ٩١٠)، خۆشەمکردوون و بۆ کیفی خەنجەر دەست دەدەن:

(( پشتی پێم سمتی لە یاریدا وەها خاراندووە
گەر بە کیفی خەنجەری کەی، جووتێ پێستی هۆشەکە )) (دیوان: ٧٧٥)

- ***ڕەوتی ناشرین***، ڕۆیشتنی میرزای سنەیی چوواندووە بە ڕەوتی کەمتیار (دیوان: ٣٢٤)، ڕۆیشتنی دەرویش ئاغایش وەکو شێوازی گورگە لۆقەی کەمتیارە و بە خواری دەڕوات: ((ئەی فیدایی ڕەوتی توندت، گورگەلۆقی کەمتیار)) (دیوان: ٣٠٠)، گورگەلۆقە نیوە غاری نارێکە. (هەژار، ١٣٨٤: ٥٦٠)

- ***بۆنی ناخۆش***: میرزای سنەیی مووی پڕە لە ئەسپێ، (دیوان: ٣٢٤) واتە پیس و پۆخڵە و بۆنی ناخۆشە.

- ***دەنگی ناساز*** (مەلا سمایل) کاتێک قورئان دەخوێنێت، ئەوەندە شێوازی خوێندنەوەکەی و دەنگی ناسازە، لە دەنگ و شێوازی هەر حەوت قورئان خوێنە بەناوبانگەکان (القراء السبعة) بەدەرە:

((پەیڕەوی سەبعەی قورڕا نییە بۆی
بە نەوا خاریجی هەر حەوتە، مەلا)) (دیوان: ١١٦- ١١٧)

لە داشۆرینی بەردهەڵکەن (٧٧٤)؛ لە دێڕی شەشەمدا وەسفی دەنگی شەقەکانی خۆی دەکات: ئاوازی شڵپەژنی شەقم وەکو دەنگی فیشەکە. (دیوان: ٧٧٥)

هەر لە بواری دەنگ و بۆندا ، شیعری داشۆرینی (مامۆی سنەیی) (دیوان: ٦٧٩)، هەموو شیعرەکە، کە (١٩ دێڕە)، وەسفی دەنگی پێچ و بای ناو ڕیخۆڵە و دەنگ و بۆنی با بەردانەوەی دەکات. (سالم) لە زۆربەی دێڕەکانی ئەم نموونەیەدا، بە شێوازی وەسفی وێنەکانی کێشاوە، بۆیە وێنەکان تەنیا بە لێکدانەوەی واتای دێڕەکان ڕوون دەبنەوە. لەبەرئەوەی لە دیوانەکەدا لێکدانەوەی هەندێک لە دێڕەکان ڕوون نین و لە هەندێکیشیاندا بە هەڵە لێکدراونەتەوە؛ وەک لە دێڕەکانی (٦، ٧، ١٠، ١٢، ١٥) دا، وا باشە بۆ ڕوونکردنەوەی وێنەکان واتای دێڕەکانی شیعرەکە بە وردی لێک بدەینەوە:

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(#) – ژمارە(#)، ###٢٠٢٠
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

لە دێڕی یەکەمەوە بەوە دەست پێدەکات ئەم کەسە پێویستی بە چوونە سەرئاوە، بە وەسفیکی زێدەڕۆییانە دەڵێت: وا باشەماڵەکەی حەفتا ژوور بێت، یەکێکیان بۆ دانیشتنی خۆی و شەست و نۆکەی تر بۆ سەرئاو (چاڵە گوو) بێت. (دیوان: ٦٧٩)

- دێڕی (٢): ڕیخۆڵەی پڕە لە با و بە خوری و لۆکە کونی کۆمی ناگیرێت. (دیوان: ٦٧٩ )

- دێڕی (٥): لەبەر هەڵمی تسی سەرمای نابێت، لە کۆتایی پایزدا کە هەوا زۆر ساردە، ژێر دەرپێی وەکو لێفەی گەرمە. (دیوان: ٦٨٠)

- دێڕی (٦): جەستەی لەسەر گوو بنیات نراوە، کرمی زەروویش بچێتە ناو لەشیەوە لەبەر بۆگەن ناتوانێت خوێن بمژێت. (دیوان: ٦٨٠)

- دێڕی (٧): ئەگەر پاشەوەی بە تس ئاوەدانە، ئەی بۆچی بەرەبەیان وەکو کوندەپەپوو دەنگی ئاوازی تڕەکەی دێت؟! خۆ کوندەپەپوو لەسەر وێرانە دەخوێنێت نەک ئاوەدانی! (دیوان: ٦٨٠)

- دێڕی (٨): ئەو کاتانەی نۆک دەخوات و با لە ڕیخۆڵەی کۆدەبێتەوە، ئەگەر لە ترسی ڕیخۆڵەی بایەک بۆ ئاسمان فڕێ بدات، وەک گوللە هەڵۆ دەکوژێت. (دیوان: ٦٨٠)

- دێڕی (٩): ئەگەر ڕووی کۆمی لە ئاسمان بکات، جرتی دە گەز بەرز دەبێتەوە. (دیوان: ٦٨٠)

- دێڕی (١٠): کاتێک پێچ بەناو سکیدا دێت و دەنگی جرتی لێوەدێت، ئەو دەنگە بەناو پێچاو و پێچی ڕیخۆڵەی دەڕوات، دەنگەکە درێژ دەبێتەوە وەکو بەناو سەد گۆمدا تێپەڕێت، لە کۆتاییشدا دەنگەکە دەگاتە بنی گۆمەکە، مەبەستی لە کۆمیەتی. (دیوان: ٦٨١)

- دێڕی (١١): وا لەپڕ بەریدایەوە و سەقفی خانووەکەی کردە تۆز، هەروەک چۆن بەڕوو لەسەر ئاگر دەتەقێت. (دیوان: ٦٨١)

- دێڕی (١٢): تسی شەوانەی دۆشەکەکەی دەکاتە دۆشەکی ئەفسوناوی، کاتێک پێچی ناو سکی زۆر دەبێت، دەنگی لێ بەردەبێتەوە وەکو دەنگی باڵندەی قوو(دیوان: ٦٨١)، دۆشەکی ئەفسوناوی و باڵندەی قوو هەردووکیان بە ئاسماندا دەفڕن.

- دێڕی (١٣): پاشەڵی وەکو دیزەی گەرم، ئەوەندە هەڵمی گەرمی لێ هەڵساوە، ماڵەکەی پڕ بووە لە شێداری و میچ و دیوارەکانی درز و کەلێنیان تێبووە و کەڕوویان هەڵهێناوە. (دیوان: ٦٨١)

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(#) – ژمارە(#)، ###٢٠٢٠
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

- دێڕی (١٤): ئەگەر لە کونی کۆمیەوە، کە وەکو قوتووە، بایەکی کەمی لەناو مەجلیس لێدەربچێت، بۆنە بۆگەنەکەی وەکو دەرمانی بێ هۆشی دەیدا لەناو مێشکی هەر کەسێکی ناو ئەو مەجلیسە. (دیوان: ٦٨١)

- دێڕی (١٥): کە بە شەوان دەخەوێت ئاگای لە خۆی نامێنێت و هەوای لێ بەردەبێتەوە، ناوسکی وەکو هیزەی بایە و کونی کۆمی وەکو دەمی هیزەکەیە، چۆن دز بە شەواندا دێت و دەمی هیزەی ڕۆن دەکاتەوە، خەویش وەکو دز دەرگای کۆمی دەکاتەوە و دەنگی تڕی لێ بەردەبێتەوە، دەنگی تڕی هەر لە شەو تا بەیانی وەکو دەنگی کوندەپەپوو کۆڵان بە کۆڵان دەڕوات. (دیوان: ٦٨٢)

- دێڕی(١٩): دەنگی پێجی ناو سکی ئەو کەسە وەکو ئەو دەنگانەیە مۆسیقاژەن لە کاتی ڕێکخستنی ئامێری مۆسیقاکەیدا درووستی دەکات و هەر پێی ڕێک نابێت. (دیوان: ٦٨٣)

## ٢-٣: لایەنی ژیری و سرووشت و ڕەوشت و ئاکاری کەسەکان

هەر مرۆڤێک کۆمەڵێک سیفەت و تایبەتمەندیی خۆی هەیە، ئەو سیفەتانەی لە کردەوە و پەیوەندی کەسێک بە کەسانی ترەوە دەردەکەون، ڕەوشت و ئاکار و کەسێتی ئەو مرۆڤە دەنوێنن، کە ئەمانەش بەرهەمی (ژیری)ن، (کەسایەتی پێکهاتەیەکی جێگیری ڕەفتار و بیرکردنەوەیە، کە لە ژێر کاریگەریی بۆماوەیی و ژینگەییدا دروست دەبێت و بە تەواوی بە ویستی مرۆڤ نییە.) (Costa & McCrae, 2003 p. 49)، هەرچەندە بۆماوەیی و ژینگە کاریگەرییان لەسەر ڕەفتاری کەسەکاندا هەیە، بەڵام بەشی زۆری پەیوەندی بە خۆیەوە هەیە و خۆی بەرپرسە لە کردەوەکانی، لەبەرئەوە کەسانی دەوروبەری ڕەخنەی لێدەگرن. لە شیعری داشۆرینیشدا شاعیرەکان لە ڕێگای پیشاندانی ئاکارە خراپەکانی کەسی داشۆراوەوە سووکایەتی پێدەکەن؛ وەک (قەیرەوانی) دەڵێت: (باشترین جۆری داشۆرین ئەوەیە، کە داشۆراوەکە تایبەتمەندییە دەروونییەکانی مرۆڤیی لێ دابماڵرێت) (القیروانی،ج٢، ١٩٨١، ١٧٤).

(سالم) لە چەند وێنەیەکدا وەسفی خودی داشۆراوەکە دەکات و ڕاستەوخۆ جێناوی (تۆ) یان (ئەو)ی بەکارهێناوە، هەندێک جار داشۆراوەکە بە خۆی بەراورد دەکات، هەر سیفەتێک دەیداتە بەر خۆی بە ئامانجی کەمکردنەوەی بەرانبەرە، سیفەتەکان هەندێکیان هێزی جەستەیی یان توانای سێکسی یان توانای ژیرین، بە زۆری سیفەتەکان مەعنەوین، هەرچەندە خۆی یان ئەو

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(#) – ژمارە(#)، ###٢٠٢٠
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

بە کەسێک یان گیاندارێک دەچوێنێت، بەڵام ئاماژەیە بۆ واتایەکی مەعنەوی، وەک: چوواندنی خۆی بە باز و بەرانبەر بە چۆلەکە، واتە خۆی بە توانا و بەهێزە و ئەویش بێ هێز و بێ توانا. لەو دێرە شیعرانەی لە ڕێگای بەراوردەوە لاوازی بەرانبەر پیشان دەدات، دەبێت دێرەکە پێکەوە ڕوون بکەینەوە، وەک ئەم نموونانە:

لە داشۆرینی (بەردەهەڵکەن) دا، دەڵێت: من ئاشپەزی هەجووم و ئەو کولەکەیە، من نەمرووەدم و ئەو چۆلەکەیە. (دیوان: ٧٧٤)

داشۆرینی (میرزا سلێمانی زیندروو)، لە دێری دووەمەوە تا دێری حەوتەم سیفەتی ئازایەتی و توانای شاعیرێتی و بیرتیژی خۆی و ترسنۆکی و پیشەکەی ئەو (کە زیندرووە) بەراورد دەکات. (دیوان: ٢١٥- ٢١٧).

لە داشۆرینی (میرزای سنەیی)، وەک سەرەتایەک بە شانازیکردن بە خۆی و شکاندنی بەرانبەر، توانای خۆی و بێ توانایی ئەو دەست پێدەکات، خۆی بە ئاگر و بەرانبەر بە (خوری و پەڕ) چوواندووە. (دیوان: ٣٢٤)

جگە لە شێوازی بەراوردکردن، هەندێک جار کەسەکەی مەبەستییەتی بە هەمەکی وێنەی دەکێشێت، بۆ نموونە: بە چەند لێکچوواندنێک چەند وێنەیەکی ئایرۆنی بۆ (خاڵە عەزیز) درووستکردووە : (پڵنگی بێ ددان، گورگی بێ کلک، یۆزی"وەکو پڵنگە" بێ کەڵبە، بەوری بێ چنگ) (دیوان: ٥٥٤)، کە واتای نابووت و بێ دەستەڵات دەنوێنن.

هەروەها (بلەی سەگوان) بە بەدسروشت و خوێڕی و شێت وەسف کردووە:

((قورمساغە! ئەوەندە بەدسروشتە
بە دایم خوێڕییە وەک شبری سەرکوو)) (دیوان: ٦٦٠)

جگەلە وێنەی هەمەکیی داشۆراوەکان، (سالم) چەند ئاکار و ڕەوشتێکی خراپ و ناشرینی داشۆراوەکانی دەستنیشانکردووە، کە ئەمانەن:

***- ئاکاری میوانداریی خراپ؛*** لە شیعری داشۆرینی عەرەبێکی شاری حیللەدا، هەموو شیعرەکە لەسەر میوانداریی خراپە و لە دێڕەکانی کۆتاییدا ڕەخنە لە سروشتی عەرەب دەگرێت:

((هەمنشینم قەد نەبێ، ئیتر عەرەب تا حاڵی مەرگ
ئاینە کەسبی جەلا، حەیفە لە خاکستەر بکا ))(دیوان: ٥١)

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(#) – ژمارە(#)، ###٢٠٢٠
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

- ***بێ عەقڵی و کەم ژیری***؛ بە زۆری کە ویستوویەتی وەسفی بێ عەقڵی کەسێک بکات، (کەر) ی بۆ بەکارهێناوە: وەک لە داشۆرینی (میرزای سنەیی) (دیوان: ٣٢٤) و (ئەمین ئەفەندی) (دیوان: ٣٧٠) و (بەردهەڵکەن) لە سێ دێڕدا(دیوان: ٧٧٦- ٧٧٧).

جگە لە کەر (سابرێن= نێرەی بزن) و (شەک= بەرخ) یش بۆ وەسفی بێ عەقڵی بەکارهێناوە، لە وەسفی (ئەحمەدی سەنگهەڵکێش) دەڵێت:

((هێندە حەیوانە، ئەگەر دوو ڕۆژ لە سەحرا پووش بخوا

"بعد ازان" ئادەم نییە، یا سابرێنە، یا شەکە )) (دیوان: ٧٧٦)

- ***زۆرخۆری***؛ بۆ وێنەکێشانی شێوازی خواردنی کەسێکی زۆرخۆر، وڵاخ و گورگ و قەسابی بەکارهێناوە. (دیوان: ١٥٢)

- ***پیسکەیی و پوولەکی***؛ لە شیعرێکدا کەسێکی پیسکەی بەم شێوانە وەسفی کردووە:

(وەک پەروانە بە دەوری پارە دەسووڕێتەوە./ وەک بولبول دەناڵێنێت، بەڵام ئەم بۆ پارە و کیسەی پارە.) (دیوان: ١٧٠)، (یار و دلبەر و پیر و شێخت پارە و خاوەن پارەیە./ کیسەی پارەکەی بە ئافرەتی خراپ چوواندووە، کە هەرجارە و لە باخەڵی کەسێکە.) (دیوان: ١٧١)

- ***سپڵەیی***؛ میرزای سنەیی وەکو گوربە سپڵەیە. (دیوان: ٣٢٤)

لەسەر ئەو بنەمایەی؛ ئەگەر لە شیعری داشۆریندا وێنەکان پێچەوانە بکرێنەوە وێنەی جوانیان لێ درووست دەبێت، ئەگەر ئەو سیفەتە خراپانەی سالم لە شیعرەکاندا بۆ کەسەکانی کێشاوە پێچەوانەیان بکەینەوە، لە ڕوانگەی (سالم) ەوە وێنەی کەسی نموونەیی بەم شێوەیەیە: (بەهێز و بەتوانا و ئازا و بیرتیژ و ژیر و کەمخۆر و بەخشندە و بەوەفا).

## ٤. تەوەری دووەم: ئاژەڵ (ئەسپ و ماین)

ئاژەڵی ئەسپ کارەکتەرێکی سەرەکی ناو شیعرە داشۆرینەکانی (سالم) ە، ((ئەسپ نێر و ماین مێ، هەمیشە نرخێکی تایبەتی و ڕێزێکی تایبەتی هەبووە و هەبوونی نیشانەی پایەی کۆمەڵایەتی خاوەنەکەی بووە)) (مستەفا، ١٩٩٧، ١٤٨)، ئەسپ لە سیستمی دەرەبەگایەتی هەموو نەتەوەیەکدا پایەی خۆی هەبووە و هێزی ئابووری و سەربازی و چینایەتی و کەرەستەیەکی گرنگی خانەدانەکان بووە، بەڵام دیارە (سالم) هەر ئەسپێکی لەلا بوویێت، ئەم ئەرکانەی بۆ

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(#) – ژمارە(#)، ###٢٠٢٠
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

جێبەجێ نەکردووە و لەو ئاستە نەبووە شانازی پێوە بکات، بە پێچەوانەوە خەم و مەینەتییەکانی زیاتر کردووە، لەبەرئەوە ئەسپ یەکێکە لە کاراکتەرە سەرەکییەکانی شیعرە داشۆرینەکانی سالم.

ڕوانینی (سالم) بەرانبەر ئاژەڵ؛ وەک شاعیرێک هیچ هەستێکی ناسک و سۆز و بەزەیی و نەرمییەکی لێ نابینرێت. لەو شیعرانەدا تەنیا وەک کەرەستە و ئامرازێکی گواستنەوە باسی ئەسپ و ماین دەکات، بە پێوەری سوود و کەڵک هەڵیان دەسەنگێنێت و بەلایەوە هیچ بەهایەکیان نییە. زۆر لێیان بێزارە و لە هەندێک شوێندا توندوتیژی و لێدانیشی بەکارهێناوە، وەک: ((دێم بە توندی لێ خورم)) (دیوان: ٣١)، لە شیعرێکی تریشدا: ((ماینە بۆزە، دەبێ شووڵی قەفەسی هەڵکێشم)) (دیوان: ١٠٠٣)، سالم تەنیا بەرانبەر بە ئەسپ وا نەبووە، بۆ هەموو ئاژەڵێک هەمان تێڕوانینی هەبووە. لە داشۆرینی (بلەی سەگوان)دا دۆعا لە کەوەکان و بارەکان و سوێسکەکان و دەڵەسەگ دەکات، شێوازی دۆعا لێکردنیان پڕە لە ڕق و کینە. لە شوێنێکی تریش دۆعا لە دایکی ئەسپەکەی دەکات، کە ئەم ئەسپە خراپەی بووە. (دیوان: ٣٥)

بە شێوازی بابەتی پێشوو، وێنەی داشۆراوی ئەسپ و ماین لە شیعرە داشۆرینەکانی سالم، لە دوو ڕووەوە دەستنیشان دەکەین:

### ٤-١: لە ڕووی جەستەییەوە:

سالم لە چوار شیعری داشۆریندا باسی ئەسپی کردووە، ئەو سیفەتە جەستەییانەی وەکو خاڵی لاواز دیاریکردوون، ئەمانەن: (بێ هێزی، ڕەوتی خراپ و غاردان و کەوتن، دەنگی ناساز، بۆنی ناخۆش، ڕەنگ)، ئەو ئەندامانەیش بۆ ناشرین کردنیان وێنەی کێشاون: (دەم، قەپۆز، لچ، ئەستۆ، سەر، چاو، کلک، چوارپەل).

- شیعرێکیان لە سەر ئەسپێکی خۆی نووسیویەتی، بەم شێوەیە وەسفی جەستەی کردووە: بە شێوازی درکە گوزارشت لە بێ هێز و خاووخلیچکی دەکات، کە لە کاتی غاردانیش پێ بە هێلکەدا بنێت نایشکێنێت. حیلەی وەکو زەڕەی کەرە. دەمی وەکو دەمی بەرازە، قەپۆزی وەکو قەپۆزی گایە، لچی وەکو لچی حوشترە، دەنگی وەکو گرمەی هەورە. گلانی (کەوتنی) وەکو هەرەسە.

(دیوان: ٣٦) ئەوەندە بێ هێزە لەکاتی زینکردن هەموو هەناسەی وەکو هیزەی پڕ لە با لە دەمیەوە (یان لە کۆمیەوە) دەردەچێت:

((مەحوە گۆشتی بەدەنی ئەو بە دەمێ
گاهێ زین کردنی وەک خیگەیێ با)) (دیوان: ٣٧)

هەروەها ڕەوتی خراپە و لە ڕۆیشتندا زۆر سەرسم دەدات:.

((دەشکێنێ دەههەنی سەنگی زەمین
بەس بە سەرسم، لە ڕەها سوجدە دەبا)) (دیوان: ٣٩)

- هەر لە باسی ئەسپێکی تری خۆیدا، لە چەند دێڕێکدا وەسفی برینی لاشەویلگەی دەکات و لە دێڕێکیان وەسفی بۆنی ناخۆشی برینەکە دەکات:

((لەبەر بێنی برینی لاشەویلەی
وەها گێژم، نەماوە ئیختیارم)) (دیوان: ٤٤٠)

- لە داشۆرینی ئەسپی (حەمەی ئەحمەد) (دیوان: ٢٨)، کە لە لای سالم بووە، ئەم وەسفانەی کردووە: چوارپەلی خواروخێچن، بن باخەڵی بۆگەنە.

- بەم جۆرە وەسفی ئەسپەکەی (حسێنی ڕانک سوور) دەکات: (ساتمەزەن- واتە لە ڕۆیشتندا ساتمە دەکات، دەم زل، ئەستۆ کورت، قەپۆز خڕ).

- ئەسپەکەی خاڵە عەزیزی وا وەسف کردووە: قەبارەی ئەسپەکە وەکو فیلە، بەڵام فیلێکی بێ لمۆز.(دیوان: ٥٥٤) لچی وەکو کاڵەکی قلیشاوە، سەری وەکو کولەکەی درێژکۆڵەی پانە. (دیوان: ٥٥٦) چوار پەلی وەکو ترۆزی چەمیلەیە، نەرم و باریک و بێ دەمارە و دەلەرزێت. کلکی وەکو گوڵی هەرزنە، کاتی غاردان سەری خۆی دەخاتە ناو گەڵی خۆی. چاوی وەکو ترێی هەتاوبردوو کز و وشکە. (دیوان: ٥٥٧)

**٤-٢: لە ڕووی سروشت و خوو و ژیرییەوە:**

لە هەر چوار شیعرەکەدا ئەم سیفەتانەی ئەسپەکان زۆرتر دووبارەبوونەتەوە: (زۆرخۆر و تەنبەڵ، ترسنۆک، عیناد، شەڕانگێز، چاوبرسی).

- ئەسپی (حەمەی ئەحمەد): ئەسپێکی تووڕە و هار و شەڕانگیز و ترسنۆکە، (ئەوەندە ترسنۆکە گوێی لە خشپەیەک ببێ جووتە لە کلکی خۆی دەدات). (دیوان: ٢٩) عینادە و حەز بە سوار ناکات، ئەمە لە چەند دێڕێکدا بە شێوەی جیاواز دووبارەی کردۆتەوە:

((دەست دەبەم زینی بکەم، چونکە لە سواری عاجزە

بۆ لەقە خۆی خۆش دەکات و مۆڕ دەبێ لێم لابەلا)) (دیوان: ٣٠)

هەروەها لەم دێڕەشدا:

((گەر لە لایێ دابەزم، باز نییەتم بێ سواری بم

ئاوزەنگی نادا، لە دەورم دێتە خول وەک ئاشی با)) (دیوان: ٣١)

لە دێڕێکی تر قسەیەکی نەستەق تێکهەڵکێش دەکات و دەڵێت: هەر لەبەرئەوەی من سواری نەبم، لەناکاو پێی خۆی لە درزی زەوی گیر دەکات تا سەرسم بدات و بکەوێت و منیش بکەوێنێت، ((وەک کەری دێز فەوتی خۆی و ڕەنجشی خێوی دەوێت)). (دیوان: ٣٢) لە دێڕێکی تریش ئیدیەمی (گای بارنەبەر) بەکاردێنێت بۆ وەسفی عینادی ئەسپەکە:

((گوایە ئیظهاری غورووری خۆی دەکا، دێم زینی کەم

هەڵدەتووڕێنێ، وەکو گای بارنەبەر خۆی شێت دەکا)). (دیوان: ٣٣)

بۆ خواردن ئارام و لەسەرخۆیە، بەڵام تەنبەڵ و عینادە:

((کاو و جۆی گەر بێنمە پێش، وەک کەر دەلووشکێ و هێدییە

گەر لەغاوی بۆ بەرم، بۆ جووتە پاشووم تێ دەکا)) (دیوان: ٣١)

لە دێڕی دوای ئەویش: (کاتی ئالیک پێدان و بەرەو ماڵەوە ڕۆیشتن، بە نەرمی و لەسەرخۆ غار دەکات، کەچی بۆ کاری خێرا و پێویست لەشی سستە و داوەشاوە) (دیوان: ٣٢)

لە دێڕەکانی کۆتایی ئەسپەکە بێ بەها دەکات: (ئەم ئەسپە ئەوەندە بێ سوودە، ئەگەر بیفرۆشیت، مەگەر دۆم بیکڕێت، ئەویش تەنیا لەبەر کلک و یاڵی، کە بنی هێڵەکی لێدرووست دەکەن.) (دیوان: ٣٣)، لە دێڕی دوای ئەویش نرخێکی کەم، ئەویش تەنیا بۆ (ناڵ و کلک و چەرم)ی دادەنێت، وەک خۆی دەڵێت: ((نرخی بۆزەی کەم بەها)) (دیوان: ٣٤)

- ئەسپەکەی خۆشی وا وەسف کردووە: خووی وەکو کەرە و زۆرخۆرە وەکو فیل. (دیوان: ٣٥)

لە دێڕێکی تردا دوو سیفەتی دژی پێکەوە کۆکردۆتەوە، یەکێکیان جەستەیی و ئەوی تر خوو، کە

مەبەستی پیشاندانی خووەکەیە : ((زگی قامیش و خورش خەرمانی کا)) (دیوان: ٣٧)، واتە زگی وەک قامیش باریکە، کەچی خواردنی خەرمانی کایەکە؛ درکەیە لە زۆرخۆری.

لە بارەی تەنبەڵی ئەسپەکەوە دەڵێت: (ئەگەر ڕێگایەک (١٠) پێ بێت، دەڵێت: نایگەمێ و زۆر دوورە.) (دیوان: ٣٧) لەم دێڕەدا ئەسپەکە ڕاستەوخۆ خۆی قسە دەکات و سیفەتی مرۆڤی دراوەتێ. ئەسپەکەی هەم زۆرخۆرە و هەم تەنبەڵ:

((من گیاهم لە کەفایە و عەزە زین

ڕوو دەکاتە من و لەو جووتە دەدا)) (دیوان: ٣٧)

لە چەند دێڕێکی تریشدا ئەو دوو سیفەتەی دووبارە کردۆتەوە: تەنیا بە خواردن دڵخۆش دەبێت: ((ناشنێ بۆزە مەگەر بۆ گزرە)) (دیوان: ٣٨)، کادانێک بە سەعاتێک دەخوات، بەڵام ناتوانێت فەرسەخێک (نزیکەی سێ میلە) بڕوات:

((ساعەتێ، لۆدەیێ کا سەهلە بخوا

فەرسەخێ، صاحێبی خۆی صەعبە ببا)) (دیوان: ٣٨)

بۆ شوێنێکی پێویست، بە کوتەکیش ناڕوات، کەچی بە سەماوە بەرەو پووش و کا دێت:

((بۆ ڕەهێ لازمە، ناچێ بە کوتەک

ڕووبەڕووی پووش و گیا دێ بە سەما)) (دیوان: ٣٨)

- لە وەسفی ئەسپی (حسێنی ڕانک سوور) (دیوان: ١٠٠٢) هەندێک لە وەسفەکان سروشتی خراپی ئەسپەکەن : (ناتەواو، ڕامنەکراو، چاوبرسی، شەڕانی، بەدکردار، تەنبەڵ، سەرکەش، ڕابردوو خراپ). لە دێڕی شەشەمەوە باسی ماینێکیش دەکات، کە ترسنۆکە.

- لە داشۆرینی ئەسپەکەی خاڵە عەزیزدا، دەڵێت:

(( "حاشا للە" نە تۆبە مەرگی تۆ

نە سەگ ئەندامن و نە سک ئاسان)) (دیوان:٥٥٤)

حاشا تۆ لە سەگ ناچیت، تەنانەت گورگیش نیت، چونکە (تۆبەی گورگ مەرگە)، بەڵام تۆ بە مەرگیش تۆبە ناکەیت، وەک سەگیش بە خواردنێکی کەم تێر نابیت، واتە سیفەت و خوە باشەکانی سەگی نییە، وەک وەفا و قەناعەت، کەواتە سپڵەیە و قانیع نییە .

**٥. تەوەری سێیەم: لایەنی سێکسی (مرۆڤ و ئاژەڵ):**

باسکردنی بابەتی سێکسی لەناو شیعردا، پەیوەندی بە کەبتی سێکسییەوە هەیە، کە قوتابخانەی دەروونشیکاری گرنگی پێداوە، (فرۆید) پێی وایە بەرهەمە ئەدەبی و هونەرییەکان لەم کەبتە دەروونییەوە هەڵدەقوڵێن؛ (بەرهەمی داهێنان دەرکەوتە و تێرکردنی ڕەمزین بۆ ئارەزوو و خەیاڵە ناهۆشەکییەکان) (لیندوار، ١٩٩٦، ٤٠).

(سالم) لە بەشێکی شیعرە داشۆرینەکانیدا بە ئاشکرا و بە چەند شێوەیەک بابەتی سێکسی باسکردووە:

**٥-١: باسکردنی ئەندامی زاوزێ و شاراوە:**

لە ناو نەریت و عەقڵییەتی ڕۆژهەڵاتی و لە شیعری داشۆرینیشدا، ئەگەر شاعیرێک وەسفی گەورەیی ئەندامی نێرینە و هێزی سێکسیی خۆی بکات شانازی و هێزە، بەپێچەوانەوە وەسفی گەورەیی ئەندامی کەسێکی تر شیاو نییە و لەنگییە و دەبێتە شانازی و هێز بۆ وەسفکراوەکە، بەڵام بە پێی شێوازی وەسفکردنەکە بابەتەکە دەگۆڕێت و دەبێتە داشۆرین و سووککردنی ئەو کەسە، لەم دۆخانەی خوارەوەدا:

١- زێدەڕۆیی لە وەسفی گەورەیی ئەندامەکە، وێنەیەکی شێواو و کاریکاتێریی ئەو کەسە درووست دەکات و نابێتە خاڵی بەهێزی بۆی، لە کاتێکدا خۆی شانازی پێوەدەکات، کەسی هێرش بەریش ئامانجی کەمکردنەوە و سووکایەتی و کەمکردنەوەی شکۆی بەرانبەرە، لەبەرئەوە یان خاڵی لاوازی بەرانبەر دیاری دەکات، یان ئەو خاڵە دیاری دەکات، کە دژەکەی بە خاڵی بەهێزی خۆیی دادەنێت.

٢- ئەگەر لەناو شیعرەکەدا لە بەرانبەر باسکردنی ئەم سیفەتەی دژەکەی، وەک لاسەنگکردنی تای تەرازوو، لایەنی ژیری و ڕەوشتی ئەو کەسەی هێنایە خوارەوە و وەک ئاژەڵێکی شەهوانی و جانەوەرێک وەسفی بکات، واتە لە مرۆڤبوونی بخات.

بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا (سالم) لە دێڕێکدا ئەوەندە ورد وەسفی ئەندامی نێرینەی (دەروێش) دەکات، وەک ئەوەی بە چاوی خۆی بینیبێتی و دەڵێت: ((وەک گونت شووتیم لە بوستانا نەدی ئاونگ و زل)) (دیوان: ٣٠١)، کە دەڵێت: وەک ئەوم نەدی، واتە ئەندامەکەی ئەوی دیوە.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(#) – ژمارە(#)، ###٢٠٢٠
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

هەرچۆنێک بێت وەسفی وا ڕاستەوخۆ لە ڕووی شێوازی زمان و دەربڕینەوە، بۆ شاعیر خۆی شیاو نییە.

سالم لە سێ شیعردا ئەندامی نێرینەی (دەروێش ئاغا)ی زۆر باسکردووە، بە تایبەتی لە شیعرێکیان (دیوان: ٣٠٠) لە دێڕی دووەمەوە تا کۆتایی، زۆربەی دێڕەکان وەسفی گەورەیی ئەندامەکەی کردووە، ئەم کەرەستانەی بۆ کێشانی وێنەکان لە هەر سێ شیعرەکەدا بەکارهێناوە: (تۆپ، خەرطووم- لمۆز، حەفی- ماری گەورە و درێژ، صندوقی جبەخانە، هێلکەی روخ- عەنقا، منارە، عوج، چنار، شووتی، میل، کوولەکە، گوێچکە فیل، میلی ئەحمەڕ، منارەی شاری هەولێر، زورنا سەر، نەهەنگ، دەستەک، مەطرەق، عەموود ).

لە وەسفەکاندا پەنای بۆ ئەفسانەیش بردووە: ئەندامی نێرینەی دەروێش دەبێتە پەیژە بۆ ئەو دیوارەی ئەسکەندەری مەقدۆنی بە دەوری (یاجووج و مەئجووج) درووستیکرد. (دیوان: ٣٢٨)

لە نموونەیەکی تردا بە پێچەوانەوە، وەسفی بچووکی ئەندامی زاوزێی دژەکەی کردووە: ((خایەیی گزگلییە و نەوسی بەڕوو)) (دیوان: ١١٧)، واتە هێلکە گونی وەکو بەری دار مازوو بچووک و پووچە، ئەندامی نێرینەی وەکو بەڕوو بچووکە.

- لە داشۆرینی (ئەحمەد ئاغای بەردهەڵکەن) (دیوان: ٤٨١) ئەندامی خۆی دارێکی سەرتیژکراوە، لە داری گۆیژە درووستکراوە، کە دارێکی ڕەقە. بەڵام کونی پشتەوەی بەردهەڵکەن (ماڵی تاریک و جەواڵ و چاڵی ڕەش و گەرماو)ە. هەروەها وێنەی پشتەوەی (وەستا سمایلی) بە ئەشکەوت چوواندووە: ((کونی پشتی وەکو ئەشکەوتە مەلا)) (دیوان: ١١٧)

- لە داشۆرینی (ڕەشە)دا (دیوان: ٢٣٧)، بۆ ئەندامی نێرینە، ئەمانەی بەکارهێناوە: (شکەمی کەر، ڕەشەڕەش، مەطرەق، مەشساک)، بەم شێوانە ناوی پشتەوەی (ڕەشە)ی بردووە: (ڕەش، چاڵی ڕەش، دیدەی پەس، واتە چاوی دواوە، مابعد).

بەپێی ئەو سەردەمەی سالم تیایدا ژیاوە، ئافرەت نەگەیشتۆتە ئەو ئاستە کۆمەڵایەتییەی وەک کەسایەتی دیار و ناسراو ڕۆڵی هەبێت و (سالم) لە ژیانی ڕۆژانەیدا ڕووبەڕوویان بوویێتەوە، لە لایەکی تریشەوە (سالم) پابەندی ڕەوشتی کۆمەڵایەتی کوردەواری بووە و باسی ناموسی کەسی نەکردووە؛ لەبەر ئەوە ئافرەت لە شیعرە داشۆرینەکانی (سالم) دا وەک کارەکتەرێکی لاوەکی دەرکەوتووە و نەبووەتە ئامانج، زۆر بە کەمی وەسفی کردووە، ئەویش وەک تەواوکەری ئەو وێنەیەی بۆ

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

پیاوەکەی کێشاوە. لە دوو شیعردا ئەندامی پێشی بە (دەربەند) (دیوان: ٩٠٦) و (ئەشکەوت) (دیوان: ٩٢٩)، ئەندامی پاشەوەی بە (قەیسەری) چوواندووە. (دیوان: ٣٢٩).

لە شیعری جاهیلی عەرەبی و قۆناغەکانی دواتریش، باسکردنی ئافرەت (دایک و خوشک و ژن و کچ) وەک شەرەفی کەسی داشۆراو، بابەتێکی گرنگی شیعری داشۆرین بووە (الدهان،١٩٨٢، ١٢)، بەڵام ئەم بابەتە لە شیعرە داشۆرینەکانی سالمدا نابینرێت؛ نەک تەنیا لای ئەم، بەڵکو لەلای هەموو شاعیرانی کلاسیکی کوردی ئەم بابەتە دەستی بۆ نەبراوە، شاعیریش ڕەوشتی کۆمەڵەکەی خۆی دەنوێنێت.

## ٥-٢: پرۆسەی سێکسی: چەند جۆرێکی سێکس لە شیعرەکاندا هەن:

### ٥-٢-١: سێکسی (نێر-مێ):

زەماوەندی دەرویش ئاغا (دیوان: ٩٠٢- ٩٠٧)؛ شیعرێکی (٢٠) دێرییە، نیوەی دووەمی باسی سێکسە، بیرکردنەوەی کۆمەڵی پیاوسالاری تیایدا زاڵە، وەسفی پرۆسەکە ڕۆمانسییانە نییە و تاک لایەنەیە و لایەنی دووەم (ژن) فەرامۆشکراوە. بە شێوەیەکی بێ ئارامی و توندوتیژ وێنەی سێکسێکی ئاژەڵیانەی کێشاوە. وەک لەم دەستەواژە و وێنانەدا دەردەکەوێت: (تەقەڵی دەرپێکەی دڕاند)، (وەکو شێری دڕندە و لەندەهوور بە هێزەوە ئەندامی بووکی وەک جلی لۆکە دادڕی)، (نیو دەقیقەی پێ نەچوو)، هەروەها پیشاندانی هێزی سێکسیی زاوا و شکست وبەزینی بووک، وەک : (چوواندنی زاوا بە دێو ئەردەلان)، (بووک نیوەگیان بوو، جەرگی بووکی بڕی)، لە دوا دێڕی شیعرەکە، وەک وەسفی پاشماوەی ناو مەیدانی شەڕ، وەسفی کۆتایی پرۆسەکە دەکات: (زاوا مەست و بووک بێ هۆش و بەربووک کێشاویەتی بەخۆیدا و ڕایکردووە!)

لە شیعرێکی تری بۆ(دەرویش ئاغا)، لە باسی کاری سێکسیدا، زێدەڕۆیی لە وێنەکاندا دەکات: (ماکەر بەرگەی ناگرێت) (دیوان: ٣٢٩). لەگەڵ هەر ئافرەتێک سێکس بکات پاشی دەبێتە قەیسەری و پێشی دەبێتە ئەشکەوت:

((دەبێتە قەیصەری پەس، بەر بە ئەشکەوت
ئەگەر ئاغا بکا کاری پەس و بەر)) (دیوان: ٣٢٩)

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(#) – ژمارە(#)، ####۲۰۲۰
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

لە دێڕێکی تردا دەروێشی بە کەر و هاوسەری بە مێشوولە چوواندووە: ((وتی: مێشوولە کەی دەگرێ بەری کەر)) (دیوان: ۳۲۹). لەوانەشە (گڕ) بێت، چونکە گڕ مێشوولە دەسووتێنێت و ئەمە زیاتر دەگونجێت، لە ڕێنووسی کۆنیشدا (کەر و گڕ) وەک یەک نووسراون.

- وەسفی شەوی بوک و زاوا (دیوان: ۷۰۷- ۷۰۸)، ئەمانە وێنە و وەسفە سێکسییەکانی ناو شیعرەکەن: دێڕی(۱): هەردوو کاری (دان) و (کردن) ئاماژەن بۆ کاری سێکسی، دان بۆ مێ و کردن بۆ نێر. دێڕی(۲): قاچ و پووزی بووک وەکو تەوقێکی بلووری دەچێتە سەر شان وملی زاوا. دێڕی(٤): بەربووک دەستەخوشکی دایکی بووکە و راستیم پێ ناڵێت، دەبێت لە زاوا خۆی بپرسم: بووکەکە کچ بوو یان ژن؟ دێڕی(٥): خەزووری بووکەکە وەکو حوشتر لەبەردەم بەچکەکەی خۆی سەما دەکات، واتە زاوایش بەچکە حوشترە، بەڵام خەسووی زاوا لە داخی ئەوەی کچەکەی شوو دەکات، دڵی تەنگە. ئەم هەستە لە بیری تەسکی کۆمەڵایەتیدا هەبووە، وەک ئەوەی کچەکەیان ئەتک بکرێت و کاری خراپی لەگەڵ بکرێت، هەرچەندە پرۆسەکە بە ڕەزامەندی هەموو لایەکە و بەپێی یاسای ئاینی و کۆمەڵایەتی دەکرێت، بەڵام لە ناهۆشەکی گشتیدا یاساکان نامێنن. لە ڕوویەکی ترەوە لە ڕوانگەی کۆمەڵایەتیی دواکەوتوودا، کاری سێکسی نێوان ژن و مێرد، چێژێکی هاوبەش و پێویستییەکی هاوبەشی دوو لایەنە نییە، تەنیا نێر چێژ وەرگر و سەرکەوتووی پرۆسەکەیە. دێڕی(۷): بەپێی نەریت دایکی زاوا لەناو خەڵکدا شانازی بە پیاوەتی کوڕەکەیەوە دەکات؛ بەڵام: بۆچی دەنگی بانگەوازی دایکی زاوا نایەت؟! ئاخۆ زاوا بێ کەڵک بووە و هیچی پێنەکراوە، یان بووک کچ نەبووە؟!

**٥-٢-٢: سێکسی هاوڕەگەزی (نێر-نێر):**

نێربازی لادانێکی سێکسی و ڕەوشتییە، بەڵام لە شیعری داشۆریندا ئامرازێکی ئایدۆلۆژی و کۆمەڵایەتی بووە بۆ داماڵینی سیفەتی پیاوەتی لە نەیارەکە و لێسەندنەوەی پێگەکەی بەکارهێنراوە، واتە شاعیرەکە باسی بابەتێکی ڕاستەقینەی نەکردووە و تەنیا وەک شێوازێکی زمانی و هونەری بۆ سووکایەتی بە دژەکەی بەکاری هێناوە.

داشۆرینی (بەردهەڵکەن) (دیوان: ٤٨١) لەم جۆرە سێکسەی تێدایە؛ بەڵام ناڕاستەوخۆیە و بەشێوازی توانجپۆشی دەریبڕیوە، لە واتای ئاشکرادا باسی هەجووکردنی بەرانبەر دەکات نەک

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(#) – ژمارە(#)، ###٢٠٢٠
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

سێکس. جگەلەوە تەنیا لە چوارچێوەی وتەیەکی هەرەشەئامێزدایە و کاتی داهاتوویش بەکارهاتووە، واتە پرۆسەکە نەکراوە و خەیاڵییە و ڕاستەقینە نییە.

### ٥-٢-٣: سێکسی (مرۆڤ-ئاژەڵ/ ئاژەڵ-ئاژەڵ):

پەیوەندی سێکسیی مرۆڤ لەگەڵ ئاژەڵدا (زوفیلیا = Zoophilia )، یان (بێستیالیتی= Bestiality)، لە دەروونناسیدا ئەم دیاردەیە بە لادانی سێکسی پۆلێن کراوە، توێژینەوەکان دەریان خستووە، کە ئەم لادانە پەیوەندییەکی بەتینی هەیە لەگەڵ (بەرکەوتنی زەبری دەروونی لە قۆناغی منداڵی و لاوازی لە پەیوەندییە جۆراوجۆرەکاندا و پشتگوێخستنی سۆزداری و نەبوونی توانای گونجان لە ڕەفتاری سێکسیدا) (Srivastav et al., 2026, p. 18) ، ئەو کەسەی تووشی ئەم لادانە دەبێت، لەوانەیە لە قۆناغێک لە قۆناغەکانی گەشەکردنیدا تووشی زەبرێک بووبێت، یان نەیتوانیوە پەیوەندییەکی سێکسی سرووشتی درووست بکات، لەبەرئەوە پەیوەندی سێکسی لەگەڵ ئاژەڵدا درووست دەکات.

لە داشۆرینی (خاڵە عەزیز)دا ئەم جۆرە سێکسەی تێدایە؛ لە دێڕەکاندا ئەم وێنانەی کێشاوە (دیوان: ٤١٤- ٤١٥): دێڕی(١): دێڵە سەگێک دەبەخشێتە خاڵی بۆ هاوجێیی خاڵی، ماینێکیش بە ئەسپەکەی. دێڕی(٢): ئەگەر ئارەزووتان هەستا، تۆ سواری دێڵە سەگ و ئەسپەکەشت سواری ماینەکە بێت. دێڕی(٣): لایەنی دەنگیی سێکسی هەرچوارییانی وێنە کێشاوە. دێڕی(٤): لایەنی دەنگیی و جووڵەی سێکسی هەرچوارییانی وێنە کێشاوە. دێڕی(٥): لە ئەنجامی ئەو سێکسەی هەر چوارییان، دێڵەکە لە خاڵیەوە دەڵەکێک و ماینەکەش لە ئەسپەکەوە حوشتری دەبێت، کە هیچیان لۆجیکی نین و بۆ درووستکردنی وێنەی پێکەنیناوی و سووکایەتی بەو کەسە هەڵیبەستووە. لە دێڕی(٦) و (٧) دا باسی لەڕ و لاوازی و پەککەوتنی خاڵی و ئەسپەکەی دەکات، بەهۆی زۆر پەڕینەوە. لە دێڕی(٨): خاڵی سەرپشک دەکات و سێ هەڵبژاردەی دەخاتە بەردەم: (ئەسپ و ماین و دێڵە سەگ)، هەر کامیان بۆ کاری سێکسی هەڵبژێرێت هەر قازانجییەتی.

لە بابەتی سێکسی ئاژەڵی؛ لە باسی ئەسپی (حسێنی ڕانک سوور) (دیوان: ١٠٠٣- ١٠٠٤) لە دێڕی (٦) ەوە بە چەند وەسفێک باسی ئەوە دەکات، کە خاوەنەکەی ئەسپەکە و ماینەکە جووت دەکات.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(#) – ژمارە(#)، ###٢٠٢٠
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

## ٦. ئەنجام:

- لە زۆربەی شیعرەکاندا کەموکورتیی جەستەیی زیاتر لە ژێری خراوەتە ڕوو، لە هەندێک شیعردا هەموو وێنەکان (یان زۆرینەیان) جەستەیین.
- ئەسپ خەم و مەینەتییەکانی (سالم) ی زیاتر کردووە، لەبەرئەوە بووەتە یەکێک لە کاراکتەرە سەرەکییەکانی شیعرە داشۆرینەکانی.
- (سالم) وەک شاعیرێک هەستی ناسک و سۆز و بەزەیی و نەرمی بەرانبەر ئاژەڵ نەبووە، زۆر لێیان بێزار بووە و لە هەندێک شوێندا ئاماژەی بە توندوتیژی و لێدانیش کردووە.
- بە زێدەڕۆیی کردن لە وەسفی گەورەیی ئەندامی نێرینەی دژەکەی، وێنەیەکی شێواو و کاریکاتێریی ئەو کەسەی درووست کردووە و بووەتە خاڵی لاواز بۆ دژەکەی و وەک ئاژەڵێکی شەهوانی وێنەی کێشاوە.
- ئافرەت لە شیعرە داشۆرینەکانی (سالم) دا وەک کارەکتەرێکی لاوەکی دەرکەوتووە و نەبووەتە ئامانج، لەبەر ئەوە زۆر بە کەمی وەسفی کردووە، ئەویش وەک تەواوکەری ئەو وێنە سێکسییەی بۆ پیاوەکەی کێشاوە.
- وەسفی پرۆسەی سێکسی لەناو شیعرەکاندا، بیرکردنەوەی کۆمەڵی پیاوسالاری تیایدا زاڵە، وەسفێکی ڕۆمانسییانە نییە و تاک لایەنەیە و لایەنی دووەم (ژن) فەرامۆشکراوە. بە شێوەیەکی بێ ئارامی و توندوتیژ وێنەی سێکسێکی ئاژەڵیانە کێشراوە.
- سێکسی هاوڕەگەزی لە شیعری سالمدا، تەنیا لە چوارچێوەی هەڕەشە و جنێودا بەکارهاتووە و پرۆسەیەکی خەیاڵییە و ڕاستەقینە نییە.
- سێکسی (مرۆڤ-ئاژەڵ/ ئاژەڵ-ئاژەڵ) لە شیعرە داشۆرینەکانی سالمدا ، تەنیا بۆ مەبەستی سووکایەتی بە کەسێک بەکاریهێناوە.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(#) – ژمارە(#)، ٢٠٢٠###
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

# سەرچاوەکان:

## - بە کوردی:

- سالم، (٢٠١٥)، دیوانی سالم، بەرگی یەکەم، ساغکردنەوە و لێکدانەوەی مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس، فاتیح عەبدولکەریم و محەمەدی مەلاکەریم، سلێمانی، بنکەی ژین.
- سالم، (٢٠١٥)، دیوانی سالم، بەرگی دووەم، ساغکردنەوە و لێکدانەوەی مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس، فاتیح عەبدولکەریم و محەمەدی مەلاکەریم، سلێمانی، بنکەی ژین.
- مستەفا، نەوشیروان، (١٩٩٧)، پەنجەکان یەکتری ئەشکێنن، ؟، ؟.
- هەژار، عبدالرحمن شرفکندی، (١٣٨٤هـ)، هەنبانە بۆرینە، چ ٤، تهران، انتشارات سروش.

## - بە عەرەبی:

- حسين، د.محمد محمد ، (١٩٤٧)، الهجاء و الهجاءون فی الجاهلية، القاهرة، مكتبة الآداب بالجماميز.
- الدهان، د.محمد سامی، (١٩٨٢)، الهجاء (فنون الادب العربی – الفن الغنائی)، ط٣، القاهرة، دار المعارف.
- ضيف، شوقي، (١٩٧١)، فصول في الشعر و نقده، القاهرة، دار المعارف.
– عبدالخالق، د.احمد محمد، (٢٠١٦)، علم النفس الشخصية، ط٢، القاهرة، مكتبة الانجلو المصرية.
- العسكري، أبو هلال، (١٤١٩)، كتاب الصناعتين- الكتابة و الشعر، المحقق: علي محمد البجاوي و محمد أبو الفضل إبراهيم، بيروت، المكتبة العصرية.
- قدامة، ابن جعفر، (١٩٩٧)، نقد الشعر، تحقيق: عبدالمنعم الخفاجي، بيروت، دار الكتب العلمية.
- القيرواني، أبو علی الحسن بن رشيق، (١٩٨١)، العمدة في محاسن الشعر وآدابه، تحقيق: محمد محيي الدين عبد الحميد، الطبعة الخامسة، الجزء الثاني، بيروت، دار الجيل.
- لينداور، مارتن، (١٩٩٦)، الدراسة النفسية للأدب، ط٢، ت: د.شاكر عبدالحميد، القاهرة، آفاق الترجمة.

## - بە ئینگلیزی:

- Costa, P. T., & McCrae, R. R. (2003). *Personality in Adulthood: A Five-Factor Theory Perspective* (2nd ed.). Guilford Press.
- Feldman, G., Lian, H., Kosinski, M., & Stillwell, D. (2017). Frankly, we do give a damn: The relationship between profanity and honesty. *Social Psychological and Personality Science*, 8(7), 816–826. doi.org
- Jay, T., & Janschewitz, K. (2008). The pragmatics of swearing. Journal of Politeness Research, 4(2), 267–288. doi.org
- Srivastav, Y., Verma, S., Tiwari, V., Mishra, S. D., Katiyar, M., Singh, S., & Sirbaiya, A. K. (2026). Digital interventions for zoophilia (paraphilic, bestiality) disorders: Evaluating the efficacy of AI-driven cognitive behavioral therapy in mitigating zoophilic chemical impulses. *IJPCAT*, *2*(3), 14–28. doi.org

- Stapleton, K., Fägersten, K. B., Stephens, R., & Loveday, C. (2022). The power of swearing: What we know and what we don't. Lingua, 277, Article 103406. https://doi.org/10.1016/j.lingua.2022.103406
- Stephens, R., Atkins, J., & Kingston, A. (2009). Swearing as a response to pain. *NeuroReport*, 20(12), 1056–1060. doi.org

---------------------------------------------------------------------------------

# The Image of the Lampooned in Salim's Invective Poetry

**Jabbar Ahmed Hussein**
Department of Kurdish, college of languages, Salahaddin University - Erbil, Kurdistan Region, Iraq
Email: Jabbar.Hussein@su.edu.krd

## Abstract:

In lampoon and invective poetry, the poet highlights the shortcomings, flaws, and personal weaknesses of the target, who can be an individual, a group, a tribe, or a nation. This target is not necessarily human; sometimes, living creatures and inanimate objects also become the poet's focus, as seen in Salim's personal lampoons, where he directed his attacks and insults toward animals alongside humans. The significance of this study lies in the complete absence of specialized research on Salim's invective poetry, aiming to identify the satirized targets and the characteristics of their imagery within the text. Consequently, the objective of this research is to distinguish the features of these lampooned images, precisely determining the physical, intellectual, and moral traits of the targets. To achieve this, the study employs the analytical method in its detailed textual analysis, which critically adopts a hybrid textual and eclectic approach that occasionally considers the poet's biography and Kurdish society. Ultimately, the most significant finding reveals that Salim targeted animals in addition to humans, predominantly emphasizing the physical aspects of the targets, within which sexual themes occupied a vast scope.

***Keywords***: *Salim, Lampoon, Invective, Satirized Target, Sexual Imagery.*

گۆڤاری قەڵای زانست

گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق

بەرگی(#) – ژمارە(#)، ###٢٠٢٠

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

# صورة المَهجُوّ في شعر الهجاء عند (سالم)

**الملخص:**

يُبرز الشاعر في شعر الهجاء المقذع واللّاذع العيوب والمساوئ ونقاط الضعف الشخصية لدى المهجو، وهو الهدف الذي يمكن أن يكون شخصاً، أو مجموعة أشخاص، أو عشيرة، أو أمة، ولا يُشترط أن يكون بشرياً فحسب، بل يصبح الكائن الحي والجماد أحياناً هدفاً للشاعر؛ وفي قصائد الهجاء الشخصي لدى (سالم) والتي تضمنت أحياناً الإساءة والشتائم- لم يكن الإنسان هو الهدف الوحيد، بل جعل من الحيوان أيضاً هدفاً لهجماته. وتكمن أهمية هذا البحث في عدم وجود أي دراسة متخصصة تناولت قصائد الهجاء لدى (سالم)، حيث تحاول الدراسة تحديد الأهداف المهجوة وملامح صورتها داخل القصائد، ويهدف البحث إلى فرز ملامح صورة المهجوين وتحديد خصائصهم الجسدية والعقلية والأخلاقية بدقة. واعتمدت الدراسة على المنهج التحليلي في التحليل الدقيق للقصائد، وهو ما يندرج نقدياً ضمن إطار المنهج النصّي والتكاملي الذي يلتفت سياقياً -بشكل محدود- إلى حياة الشاعر والمجتمع الكردي، حيث أظهرت أهم نتائج البحث أن (سالم) لم يكتفِ بهجاء الإنسان بل هجا الحيوان أيضاً، مع التركيز بشكل أكبر على الجانب الجسدي للمهجوين، والذي احتل فيه الجانب الجنسي مساحة واسعة.

**الكلمات المفتاحية :**سالم، الهجاء، الشتائم (القذع)، المهجو، الصورة الجنسية.